**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٢١ )ساڵی ٢٠١٣**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی پەرلەمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٣٥) لە ٣٠/ ٦/٢٠١٣ بریارماندا بە دەركردنی:

**یاسای ژمارە ( ١٧ )ی ساڵی ٢٠١٣**
**یاسای جێبەجێكردنی یاسای ئیمتیازاتی لێكۆڵەرەوانی دادی ژمارە ( ٨٠ )ی ساڵی ٢٠١٢ ئیتیحادی لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

**ماددەی یەكەم:**

جێبەجێكردنی یاسای (ئیمتیازاتی لێكۆڵەرەوانی دادی) حكومەتی ئیتیحادی ، ژمارە (٨٠)ی ساڵی ٢٠١٢ ، و كاركردن بە ئەحكامەكانی لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق .

**ماددەی دووەم:**

دەسەڵات و دامەزراوەكانی هەرێم شوێنی دەسەڵات و دامەزراوەكانی حكومەتی ئیتیحادی دەگرنەوە لە هەر شوێنێك كە لە یاسای ژمارە (٨٠)ی ساڵی ٢٠١٢دا ناویان هاتووە .

**ماددەی سێیەم:**

ئیمتیازات و دەسكەوتە داراییەكانی كە لەم یاسایەدا هاتووە لە بودجەی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێم خەرج دەكرێت .

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی دادوەریی هەرێم ڕێنمایی پێویست دەربكات بۆ ئاسانكاری جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی شەشەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت .

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە بەرواری (٢٠١٣/١/١) جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە .

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

٢٠١٣/٧/٩